# تفەنگی تۆڵە

ڕەسول سەفەریانی



شەو شاری شاردوەتەوە و
تەنیا قاڕەی قاڵاوە قاقڕییەکانە
بەکۆڵانی گوێی شاردا تێدەپەڕێ و
بۆگەنی زاریان مشک ئاسا
لە کونی درگاکانەوە
ماڵەکانی ئاخنیوە
شار بە دەمامکەوە دەگەڕێ
شار نەخۆشە و
تای یاوی وایرۆسێکی کۆنەی لە لەشدایە
ژیان کتێبێکی قەدەغەیە
لەبەرگی مەرگا دەگەڕێ
چاوەکان لە ترسی دەندوکی قەل
بەعەینەکی دڵخواز ئەوان
یان لەرۆڵی کوێرا دەژین
قەلە ڤایرۆسییەکان
بێجگە قاڕەی دەنگی خۆیان
هەموو مەلە دەنگەکانیان باڵ کردووە و
لەقەفەسی نەبیستندا رایان دەگرن
لە سنگی ژێر سەنگی شەوی شارەوە
هەڵۆی هاوارێک دەردەپەڕێ :
بەخەیاڵن چەندە بژین
ئەی بیر کۆلێراییەکان
بەخەیاڵن چەندەیتر دابارنە سەرئەم مەزرا
ماندوین لێتان
ماندوین
ماندو
وەک خواردنێکی قیزەونن
هەموو رۆژی بەزۆرداری
خۆتان دەکەن بەقورگمانا

بێزاریمان فتیلەیێک گڕ گڕتوە و
وڵات، هەمبارێکی پڕ لە باروت
مەتەرێزتان شوشەییە و
قینی ئێمەش گوللەیێکە
لە تفەنگی تۆڵەماندا ڕاگرتوە.
ئەستێرەیەکی سور
لەسەروی هەڵۆی دەنگەوە
شیری بروسکانێک
لە باڵای شەو دەئاڵێنێ و
پڕ بە پێستی نەیاری شار دەگرمێنێ:
هەوری مەرگن,
هەناسەیەک لە نەمانن
پەیتا پەیتا دادەبارن
بۆ سڕینی بوونی ئێمە و
وشکاندنی چۆمی سەوزی بڕواکەمان
بەڵام ئێمە بە سەدان جار
لێوی مەرگمان هەڵمژیوە
هەر بەو داسەی دەستی ئێوە
باب و باپیرەکانتان
جەستەمانیان زور بڕیوە
فێریان کردین وەکو خوا بین
لە نەبوونا بوون بڕوێنین
هەناسەی مەرگ دەربێنین و
بای بوونمانی پێ بژیێنین
بۆیە ئەمرۆ
وەک نەکەرۆز رەگ داکوتاو
قەندیل ئاسا بەرزە بڕوا و
هیواش وەکوقەڵایەکی کەسنەگرە
لە سەر لوتکەی ئەوباوڕە.
لەگەڵ فڕەی باڵی هەڵۆ و
خرمەی بڕینی جەرگی شەو
مەلە دەنگێکی هەڵاتوش

لەودیو دیواری شەوەوە
 رەنگی وشە هەڵدەگرێت و
لەسەر بوومی خەیاڵیدا
بەقەڵەمی ئاواتەکەی
رەسمێک لە  شار و
خەندەی هەتاو و
یەک دوو پەلی رەش دەکێشێتەوە

دسامبری 2007
www.weilan.kurdblogger.com